Kurdish Human Rights Association Fax / Tel: +٤٦٨ ٦٦١٠٨٨٠

---

**خەڵکانی دادپەروەری جیهان !**
**کۆمەڵەی مافی مرۆڤی جیهانی !**

هەر ئەو جۆرەی هەموو لایەکتان ئاگادارن، سیاسەتی دژ بەگەلی کوردی حکومەتی داگیرکەری تورک، لە درێژەی مێژوو دا بەردەوام خەریکی خوێنرێژی و قەلاچۆکردنی خەڵک و خاکی نیشتمانی کورد بووە و قەت یەکدەم دەستی لێ شل نەکردووینەتەوە. هەر ئەم چەند ڕۆژانەش، بەپێی هەواڵیک کە بە نووسینگەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئەورپا گەیشتووە ، لە زیندانی دەرگا داخراوی تاکەکەسیی ئیمرالی دا پەلاماری وحشیانەیان بردۆتە سەر بەڕیز عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان و دوای سووکایەتی کردن، بە شەق و پێلاقە، جەستەی سەرۆکێکی کوردیان داوەتە بەر لێدان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دوای ئەوەیکە بەڕێز ئۆجەلانیان بە پێی پیلانێکی دارێژراوی نێونەتەوەیی لە وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ئوروپا بێبەری کرد، هەر لە درێژەی ئەو پیلانەشدا درۆیان دەگەڵ کرد و بۆ حەسانەوەیەکی درۆزنانە ناردیانە وڵاتی کێنیا و، چەتەئاسائی فڕاندیان و ڕادەستی تورکیایان کردەوە. لە تورکییەدا، دوای بەڕێوەبردنی مەحکەمەیەکی تراژیک ـ کۆمێدیا، زیندانی هەتا هەتاییان بەسەر بەڕیزیان دا سەپاند و لە ماوەی دە ساڵ زیندانی هەتا ئێستاکەیدا هیچ چەشنە ئازارێکی ڕوحی نەماوە لە سەری بەتاقی نەکرێتەوە.

زیندانی دەرگاداخراوی تاکە کەسی لە لایەک، ئازاری ڕوحی لە بەرێک و ئەمجارەکەیش هێرش و پالاماری مشت و پێلاقە و سوکایەتی پێکردن بە سەرۆکێکی کورد؛ ئیتر چی ماوە کە لایەنگرانی ئاشتی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵە یەکگرتووەکان بە ئاگا بێنێتەوە؟!

هاونێشتمانان !
خەڵکانی دادپەروەری جیهان !
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی جیهانی !

ئێمەی چالاکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئەوروپا، دەنگی خۆمان بەم بۆنەیەوە بەرز دەکەینەوە و لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی سیاسەتی دەوڵەتی تورک دا بۆ هەموو لایەک هاوار دەبەین. دانیشتن و چاولێکردن و خەمخواردن بەسە! با هەموومان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی

بەرژەوەندیی مادی، حیزبی و دیپڵۆماسی ، ئەم دەنگە بکەینە سەرەتایەک بۆ وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراوی مرۆڤ لە هەموو دونیا دا.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد ـ ئەوروپا

٢٠٠٨١٠١٨

//////////////////////////////////////////////////////////////////////////////////////////